




کۆمەڵەی رۆژنامەنووسە بیانییەکان لە هۆلیوود کە ساڵانێکە خەڵاتی گۆڵدن گلۆپ دەبەخشێ، ناوی براوەکانی ئەمساڵی خەڵاتەکەی ئاشکراکرد، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی بیفرلی هیلز/کلیفۆرنیای رۆژئاوا، هیچ یەکێک لە سینەماکارەکان ئامادەی ئەو ریۆڕەسمە نەبوون، ئەمەش وەکو پشتگیرییەک بۆ سیناریستەکانی سنەماو تەلەفزیۆن، کە لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر- تشرینی دووەمی پارەوە مانیانگرتووە، شایانی وتنە خەڵاتی گۆڵدن گلۆپ وێستگەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە خەڵاتی ئۆسکار کە لە مانگی شوباتی داهاتوودا رادەگەیەنرێ.

بەخشیتی خەڵاتەکانیش بەمجۆرە بوو:

*خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بەخشرایە (ماریۆن کتیلارد)ی فەرەنسی لە فیلمی (ژیانی پەمەیی)دا، کە باس لە ژیانی گۆرانیبێژی فەرەنسی ئەدیس پیاف دەکات.

*خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو درا بە (جۆنی دیپ) لە فیلمی مۆسیقی (شوێنی تۆد.)

*خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بۆ رۆڵی ناوەندی بەخشرایە (کیس بلانشیت) بۆ فیلمی (من لێرەم) کە باس لە ژیانی (بۆب دیلان)ی گۆرانیبێژ دەکات.

*خەڵاتی باشترین فیلمی بیانیش بەخشرایە فیلمی فەرەنسی (پەپوولەو زەنگی نقوومبوون) دەرهێنەرەکەشی (جۆلیان شانبل (خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێبەخشرا.

میدڵ ئێست ئۆنلاین